شاسوار عەبدولواحید: هەڵەی هەندێک حزب دووبارە ناکەینەوە و متمانەی دەنگدەرانمان نافرۆشین

سەرکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ, شاسوار عەبدولواحید ڕایدەگەیەنێت کە پشت لە خەڵک و دەنگدەرانیان ناکەن و ناهێڵن دەنگەکانییان بەفیڕۆ بچێت و دەشێت: هەڵەی هەندێک حزب دووبارە ناکەینەوە و دەنگەکانییان نافرۆشین.

پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ پێنجشەممە، سەرکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ شاسوار عەبدولواحید لە کۆنگرێیەکی ڕۆژنامەوانییدا، ئاماژەی بەوەکرد کە 112 سکاڵایان لەبارەی سندوقەکانی دەنگدان لە کەمیسیۆن تۆمارکردووە و ڕاشیگەیاند کە دوو داوای دیکەشیان بە جیا لە کەمیسیۆن تۆمارکردووە بەوەی داتای سەرجەم سندووقەکانییان پێ بدەن و چاوەڕێی ئەنجامی سکاڵاکان دەکەن.

شاسوار عەبدولواحید وتیشی: "ڕاستە ئێم هەڵبژاردنە لە ئاست چاوەڕوانییەکانی ئەمدا نەبووە و حەتمەن زوەمەک هەیە، بەڵام دەمەوێت ئەو داتایانەتان بە بخەمەوو کە پارتی و یەکێتیی لە هەڵبژاردنی پێشوودا 78 کورسییان هەبوو، ئێستا بووەتە 62 کورسی، ئەمەش بەهێی بەشداریکردنی خەڵکەوە بووە، ئێم ڕۆژێی بەشداریکردنی هاووڵاتییان کە کەمیسیۆن ڕایگەیاندووە، بەگومان دروست نیە چونکە لە هەرێمی کوردستان چوار ملیۆن و 100 هەزار کەس لە سەرووی 18 ساڵییەوەن، لەو ژمارەیە یەک ملیۆن و 100کەسیان کارتی بایەمەتریان نەبووە، واتا سێ ملیۆن کەس ماوەتەوە لەو ژمارەیەش

دەنگە یەک ملیۆن و 850 هەزار کەس دەنگی ڕاستەقینەی خۆی بێت، بەڵام هەر باشترە بڕاورد بە هەڵبژاردنی پێشوو، هەروەها دەنگدەران توانیوویانە دەنگەکانی دەرەوەی دەسەڵات لە 300 هەزار دەنگ بکەنە 600 هەزار دەنگ".

شاسوار عەبدولواحید باسی لەوەش کرد کە دەسەڵات و هێزە هاوپێیمانەکانی کاردەکەن بە بەهێواکردنی خەڵک لە دەنگدان و کار لەسەر ئەوە دەکەن بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە ساڵی داهاتوو دەنگدەران بەشداری نەکەن و ئەوان سوود لە کەمی دەنگدەران وەربگرن، هاوکات داوای لە دەنگدەرانی نەوەی نوێ کرد کە بەهێوا نەبن.

لەبارەی ئەو هاووڵاتییانەی کە کارتی دەنگدانییان وەرنەگرتووەتەوە، شاسوار عەبدولواحید داوای لێیانکرد کە بچن کارتەکانیان وەربگرنەوە و لە هەڵبژاردنی ساڵی داهاتووی پەرلەمانی عێراقدا پاڵپشتی لە ئەپێزسیۆن بکەن و خەباتێکی مەدەنی دژی دەسەڵات بگرنەبەر.

لە وەڵامی پرسیارێکی ڕۆژنامەوانان لەبارەی ئێگەری بەشداریکردنی نەوەی نوێ لە کابینەی دەیەم، شاسوار عەبدولواحید گوتی: "حەز دەکەم هەموو شتێک یەکلایی بکەمەوە، ئەمە ناچینە ناو حکوومەتەوە و سە بە چوار وەزارەت وەربگرین و بەشداری حکوومەت بکەین، بەڵکو پلانی ئەمە گەیینی دەسەڵاتە، پێمان باشە سەرکی حکوومەت نە لە پشکی پارتی و نە لە پشکی یەکێتیی بێت، ئێگەر هەر ڕۆژێک توانیمان سەرکی حکوومەت لە ژێر دەستی ئەوان بهێنینە دەرەوە، ئەوا ئەوکات بیر لەو بابەتە دەکەینەوە، لای ئەمە پارتی و یەکێتیی وەک سەوکن کرابن بە دوو لەتەوە، بەیە ئەمە چوار ساڵمان لەبەردەستە و لەناو هەڵی پەرلەمان بەدیارە دەکەوێت کە ئەپێزسیۆنی ڕاستەقینەیە".